United Nations Assistance Mission for Iraq (UNAMI)
بعثة الأمم المتحدة لمساعدة العراق (يونامي)

# هەنگاوی داهاتوو

**بەغدا، ١٠ی تشرینی دووەمی ٢٠١٩**

لە هەفتەکانی رابردوودا، خۆپیشاندان لە بەغدا و چەند پارێزگایەکی تری عیراقدا سەریان هەڵدا. داواکارییەکانی خۆپیشاندەران پرسگەلێکی فراوانی لەخۆگرتبوو وەك گەشپێدانی ئابووری و رەخساندنی هەلی کار و خزمەتی گشتیی متمانەدار و حوکمێکی بێلایەنانەی ژیرانە و کۆتاییهێنان بە گەندەڵی و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی بێگەرد و ئەنجامدانی چاکسازی سیاسی بەشێوەیەکی بەرفراوان بە هەموارکردنی دەستووریشەوە.

بێهیواییەکی کەڵەکەبوو لە ماوەی ١٦ ساڵی رابردوودا بە زەقی هەستی پێدەکرێت نەخاسمە هەڵکشانی ژمارەی کوشتن و برینداربوون لە ریزی خوپیشاندەران و هێزەکانی ئاسایشدا و هەربۆیەش کەشێکی پڕ ترس و توڕەیی باڵی بەسەر بارودۆخەکەدا کێشاوە. خەڵکی عیراق هیچی تر بەرگەی ئەوە ناگرێت کە رابردوو یانیش بەرژەوەندیی حیزبی کۆت و بەندی بکات. دروستبوونی هیوا دەبێتە مایەی هەنگاونان بەرەوە پێشەوە بە گرتنەخۆی ئەو تێگەیشتنەش کە لە رۆژگاری دیجیتاڵی ئەمرۆدا ژیان بە هێڵی ئەنتەرنێتەوە بەستراوەتەوە. لەلایەکی ترەوە، مەترسی ئەوەش هەیە کە هەندێ "تێکدەر" خۆپیشاندانەکان لە رێچکە ئاشتییەکەی خۆی بترازێنن و هەوڵەکانی گۆڕانکاریش لەباربەرن. هەر بۆیە هەم کات و هەم ئەنجامی بەرجەستەش لەوپەڕی گرینگیدان.

وەك دەسپێك و دوای راوێژمان لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە پارتە سیاسییەکان و دەسەڵاتداران ( بە ٣ سەرۆکایەتییەکەی عیراق و ئەنجومەنی دادوەری و خۆپیشاندەران و نوێنەرانی کۆمەڵەکانیشەوە)، نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاریکاریی عیراق (یونامی) ئەمانەی خوارەوە پێشنیار دەکات:

## پرەنسیپەکان:

ئەم پرەنسیپانەی خوارەوە بەسەر هەموو لایەنەکاندا و لە هەموو کاتێکدا جێبەجێ دەکرێت:

١- پاراستنی مافی ژیان پێش هەموو شتێك.
٢- دەستەبەرکردنی مافی گردبوونەوە و خۆپیشاندانی هێمنانە و ئازادیی رادەربڕین وەك لە دەستووردا هاتووە.
٣- پەیڕەو کردنی ئەوپەڕی ئارامگرتن و دانبەخۆداگرتن لە مامەڵەکردن لەگەڵ خۆپیشاندەران بەگرتنەخۆی خۆدوورگرتن لە بەکارهێنانی چەك و شێوازە کوشندەکانی تری سەرکوتکردن وەك لە نێوان چەندان شتی تردا گازی فرمێسکرێژ.
٤- لێپێچینەوەی تەواو لە ئەنجامدەرانی تاوانەکان و قەربوکردنەوەی قوربانیان.
٥- ئەنجامدانی هەڵسوکەوت بەگوێرەی یاسا وەك لەهەمبەر کەلوپەلی تایبەت و گشتیدا.

## رێوشوێنەکان:

رێوشوێنە بەپەلەکان ( لەماوەی کەمتر لە یەك هەفتەدا) بەگرتنەخۆی :

١- بەگوێری یاسا ئازادکردنی خۆپیشاندەرە گیراوەکان لە ١ی تشرینی دووەمەوە.
٢- نابێت هیچ خۆپیشاندەرێکی هێمن بکرێتە ئامانج.
٣- ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی تەواو بۆ حاڵەتەکانی رفاندن (بە سوودوەرگرتن لە کامیرەی چاودێری) لەگەڵ ئاشکراکردنی ناسنامەی تاوانباران.

٤- خێراكردنی دەستنیشانكردن و دادگاییكردنی ئەوانەی لە بەئامانجگرتنی خۆپیشاندەران بەرپرسن.
٥- بەگوێرەی یاسا دادگاییكردن و سزادانی ئەوانەی بەرپرسن لە بەكارهێنانی هێز یان هەر شێوازێكی تری توندوتیژی.
٦- داواكردن بەشێوەیەكی ئاشكرا لە لایەنە هەرێمی و نێودەوڵەتییەكان بۆ دەستوەرنەدانیان لە كاروباریی ناوخۆی عیراقدا و هەروەها بۆ ڕێزگرتنیان لە سەروەریی خاكەكەشی.

**ڕێوشوێنی كورتخایەن (لە یەك تا دوو هەفتەدا):**

١- ***چاكسازیی هەڵبژاردن:*** بە یارمەتیی تەكنیكیی نەتەوە یەكگرتووەكان بە داڕشتنی یەك چوارچێوە. دواتر، ئەو چارچێوە بۆ ئەنجومەنی نوێنەران دەنێردرێت و لەوێش بەزووترین كات ڕێوشوێنە یاساییەكانی بۆ ئەنجام دەدرێت.
٢- ***چاكسازیی كەرتی سەقامگیری:*** فرمانی جێبەجێكردنی ژمارە ٢٣٧ بە تەواوی و بێ دواكەوتن جێبەجێ دەكرێت و چەك لەدەرەوەی دەوڵەت قەدەغە دەكرێت. هەر قەوارەیەكی چەكداری نایاسایی یان باندی چەكداریش پێویستە بە نایاسایی هەژمار بكرێن و ئەركی دەوڵەتیشە كە كۆتاییان پێ بهێنێت.
٣- ***گەندەڵی:*** دەستەبژێری سیاسی دەبێ ببێتە پێشەنگ لە بنبڕكردنی گەندەڵیدا. بۆ نمونە، وەك ئاشكراكردنی سەروەت و سامانیان چی بەناوی خۆیان و چی بە ناوی ترەوە لە ناوە و دەرەوەی وڵاتدا. لەمەش زیاتر، پارت و بزووتنەوە سیاسییەكان پێویستە لێژنە ئابوورییەكانیان هەڵبوەشێننەوە.

**ڕێوشوێنی مامناوەند (لە ماوەی یەك تا ٣ هەفتەدا):**

١- ***دەستوور:*** بە یارمەتیی تەكنیكیی نەتەوە یەكگرتووەكان. لێژنەی پێداچوونەوەی دەستوور كارەكانی خۆی درێژە پێدەدات. هەر هەموارێك بۆ دەستوور دەخرێتە بەردەم خەڵكی عیراق بۆ دەنگدان.
٢- ***گەندەڵی:*** دەستەی نەزاهە پێویستە كێیسەكانی پەیوەست بە گەندەڵییەوە بۆ ئەنجومەنی باڵای دادوەری بنێرێت لەسەر هەمو ئاستەكانی دەوڵەتدا. دەبێ هەموو بەرپرسێكی گەندەڵ لێپێچینەوەی لەگەڵدا بكرێت و دادگایی بكرێت.
٣- ***جێبەجێكردنی یاساكان:*** حكومەت ئەم گەڵاڵە یاسانەی خوارەوە بۆ ئەنجومەنی نوێنەران دەنێرێت بۆ ئەوەی لەوێ ڕێوشوێنە یاساییەكانیان بە زووترین كات بۆ تەواو بكرێن.

ا- یاسایەك سەبارەت بە "ئەمەت لە كوێ بوو؟".
ب- یاسای دادگای فیدراڵی.
ج-یاسای ئاسایشی كۆمەڵایەتی.
د-یاسایەك بۆ چارەسەركردنی ئەزمەی جێنشینبوون.
ە-یاسای نەوت و غاز (هایدرۆكاربۆن).
و- هەمواركردنی یاسای هاندانی وەبەرهێنان و هاوبەشكاری لەنێوان كەرتی گشتی و تایبەتدا.
ز-یاسای ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتەكان.
ح-یاسای ئەنجومەنی ئاوەدانكردنەوە.